# پلاتفۆرمی سیاسی
# ڕەوتی سوسیالیستی کۆمەڵە(فراکسیۆن)

## سەرەتا

ئێمە کۆمەڵێک لە خەباتکارانی ڕیزەکانی کۆمەڵە کە لە ماوەی دەیان ساڵ خەبات لە دژی دوو ڕژیمی سەرەڕۆ و کۆنە پەرەستی پاشایەتی و ئیسلامی و بۆ پارێزگاری لە قازانج و بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش، لە شکڵ و شێوە و لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەبات و بزووتنەوە شۆڕشگێر و کۆمەڵایەتیەکاندا بەشداریمان کردوە و توانیومانە شاهیدی کاردانەوە و ئاکامی ئیدە و سیاسەتە جۆراوجۆرەکانی خۆمان و کەسانیتر لە ئاستی کوردستان، ئێران و جیهاندا بین، گەیشتوینەتە ئەم باوەڕە  کە گرتنە پێشی ڕێبازێکی سەرکەوتوانە بەرەو ئازادی و سۆسیالیزم، پێویستی بە پێداچوونەوەیەکی رخنەگەرانە و بنەڕەتی لە ڕابوردووی چەپ بە گشتی و کۆمەڵە بە تایبەتی هەیە.

ئێمە لە ریزی ئەو کەسانەین کە لە مێژە لە روانگەیەکی چەپەوە رەوتێکی رەخنەگەرانە یان دەست پێکردوە. لە هەمان کاتدا دەی سەلمێنین کە خۆشمان هێشتا لە سەرەتای کاردایین. بۆ هەڵگرتنی هەنگاوی بەرەو پێش و خۆشتر کردنی ڕێگای گەشە کردنی زیاتری ریزەکانمان هەر لە سەرەتای ئەم رەوتە رخنەگەرانەدا بە پێویستمان زانی پلاتفۆرمی سیاسی و روانگەی کۆمەڵایەتی خۆمان بە گشتی – بۆ کۆکردنەوەی هەموو ئەو ئینسانانەی کە ئامانجیان ئازادی و عەدالەتی سوسیالیستیە و دەیانەوێ ڕێگایەک هەڵبژێرن کە لە گەڵ ئەو ئامانجەیان بێتەوە و لە هەمان کاتدا خۆشیان بەشداری ئەو ڕێبازە رەخنەگەرانەیە بن- ڕابگەیەنین. ئەمە هەنگاوێکە بەرەو گەیشتن بە بەرنامەیەکی هاوبەشی ورد و چڕوپڕ، کە بە یارمەتی و بەشداری هەموو ئەو کەسانەی وا ئەم پلاتفۆرمە لە چوارچێوەی تێفکرین و ئامانجە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی خۆیاندا دەبیننەوە و هەر لە ئێستاوە هێزو توانای خۆیانی بۆ وەگەڕ دەخەن، هەڵدەگیرێت .

دیارە ئەم ڕەوتەی ئێمەش وەک هەر رەوتێکی دیکەی چەپ، سەبارەت بە پرسی "سوسیالیسم" دەبێ هەوڵ بدات  بۆ تێگەیشتنێکی روونتر و بێخەوشتر لەو سوسیالیسمەی کە مەبەستیەتی. هەڵبەت ئەمە بە تێڕوانینێکی مەزهەبی لە سوسیالیزم یان وڵامدانەوەیەکی بەتەنیا ئاکادێمیانە نایەتە دی. دەبێ ئەوە لە بەرچاو بگیردرێ کە لە هەر هەل و مەرجێکدا، کۆمەڵگا بۆ خۆی لە ڕەوتی چوونە پێش بەرەو ئەو لایە، چ <u>ئێمکانگەلێک</u> دەخاتە بەر دەست هێزە کۆمەڵایەتیەکان و بە تایبەت بەردەست بزووتنەوەی سوسیالیستی. بە تێگەیشتنی ئێمە، پێناسەکردنی گشتی و ریزکردنی چەند تێز و بۆچوونێک سەبارەت بە سوسیالیزم، جوابی مەسەلەکە ناداتە دەست. بەڵکوو جوابەکە لە سەلماندنی کێشەو بەربەرەکانێیەکی بەردوامدایە کە لە ئاستی بیرو بۆچوون و پراتیکدا تێکەڵ بە بزووتنەوەی سوسیالیستییە. بە ڕای ئێمە، ڕاگەیاندنی کۆتایی باسەکان و قەناعەت کردن بە نووسینی بەرنامەیەک یان دەربڕینی هەڵوێستێکی حیزبی لەو بارەوە، هیچ نیە جگە لە تێنەگەیشتن لە وەها ڕێ و شوێنێک. لەو بوارەدا، لە بەرچاو گرتنی هەموو ئەو ئاڵو گۆڕانەی کە لە کۆمەڵگای ئینسانیدا روو دەدەن، پشت بەستن بە هەموو دەسکەوتەکان، کەڵک وەرگرتن لە هەلو مەرجی شیاو و ناسینی کەندو کۆسپەکانی سەر ڕێی وەها ڕێ و شوێنێک، بەشێکن لە ئەرکی بەردەوامی سوسیالیستەکان. پرس و مەسەلەی شۆڕش و

ئاڵو گۆڕێکی سوسیالیستی، پرس و بابەت گەلێکی بە تەنیا ئاکادمیک یان پرس و بابەت گەلێک نین کە هەر کاری لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەیان لە سەر بکرێت. بەڵکوو لە ئاستێکی بەرینتردا پرس و بابەتێکن کە پەیوەندیان بە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیەوە هەیە و لە پراتیکی وشیارانەی کۆمەڵایەتیدا وڵامی خۆیان دەگرنەوە.

***

## ئەم ڕەوتەی ئێمە خۆی لە گەشەی روو لە پێشی ڕەوتی کۆمەڵەدا دەبینێتەوە

کۆمەڵە بە ئامانجی ئازادیخوازانە و سوسیالیستی لە پارێزگاری کردن لە کرێکاران و زەحمەتکێشان و هەموو ستەملێکراوان، بە سوسیالیستی نەناسینی نەزمی پێکهاتوو لە شورەوی، بە رەخنە گرتن لە ئیرادەگەرایی و ئاوانتوریسمی شۆڕشگێڕانە و بە دەستەوەگرتنی ڕێبازی جەماوەری، لە ساڵی ١٣٤٨دا بنیات نرا.

دەسپێکردنی خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە دژی رژیمی پەهلەوی ئەو ئیمکانەی بۆ "تەشکیلات" خولقاند کە وەک هەر هێزێکیتر بە کۆکردنەوەی هێزی تازە، ریزەکانی خۆی بە هێز بکات و وێرای ئاشکرا کردنی خۆی بە نێوی کۆمەڵە، خەبات و هەڵسووڕانی خۆشی پەرە پێ بدات، و بەم شیوەیە ئامادەیی پێویست بۆ بوون بە رێکخراوێکی دیار و ناسراو کە لە ڕووداوەکانی دواتری کوردستاندا شوێنەوارێکی کاریگەری هەبێ، بە دەست بێنێ.

ئەم راگەیاندنەی ئاشکرا بوونی کۆمەڵە بە لەبەرچاو گرتنی بارودۆخی سیاسی- کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەی کوردستان، رەنگدانەوەی ڕەوتێکی مێژوویی نوێ بوو؛ کە نیشانی دەدا بزووتنەوەی دژ بە ستەمکاری میللی لە پێناو بەدەست هێنانی داخوازیە دێمۆکراتیکەکانی خەڵکی کوردستان، پێی ناوەتە قۆناخێکی تازەوە. ئەمە ئیتر بزووتنەوەیەکە بە هێزی خەباتی کۆمەڵانی خەڵک، بە هێزی خەباتی چین و توێژە نوێیەکان پشت ئەستوورە. چین وتوێژگەلێک کە بەرهەمی ئاڵو گۆڕی کۆمەڵایەتی و گەشەی سەرمایەدارین، بە تایبەت بە دوای "ئیسلاحاتی ئەرزی" لە کوردستان و پەرەگرتنی شارەکان. بزووتنەوەیەک کە ئەمجارە سەری هەڵدا و کەوتە رێ، چ لە باری بەشداری بەرینی خەڵک، چ لە باری شکڵ و شێوەی جۆراوجۆری خەبات و هەروەها پان وبەرینی ئەو ناوچانەی کە گرتبوویە بەر، لە ناوەرۆکدا لە گەڵ بزووتنەوەکانی پێشوو جیاوازی هەبوو و مانای رەخنەگریەکی مێژوویی لە ئەوانیشی گرتبوە خۆی. ئەمە دەسپێکی دەورێکی تازە لە ژیانی کۆمەڵایەتی- سیاسی و مێژوویی خەڵک لە کوردستانی ئێران و دەسپێکی بزووتنەوەیەک بوو کە چیتر ستەمی کورد لە سەر کورد، ستەمی چینە داراکان و پارێزەرانیان – لەژێر ناوی نوێنەرانی میللەت و شتی وا - بەرانبەر بە چینە زەحمەتکێشەکان قەبووڵ نەدەکرد و کۆمەڵە دەنگی زۆڵاڵ و ڕادیکاڵی ئەو بزووتنەوەیە بوو.

لە روانگەی ئێمەوە، کۆمەڵە ڕێکخراوێکی چەپ و سوسیالیستی و لە بنەرەتدا بەرهەمی کۆمەڵگای کوردستانە. کۆمەڵە پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندیەکانی چینی کرێکار و پەرەپێدان بە دێمۆکراسی شۆڕشگێڕانەی لە خوارەوە بە زەمانەتی بێ ئەم لا و ئەولای دامەزرانی کۆمەڵگایەکی ئازاد، پێشکەوتوو و ئاسوودە دەزانێ. لە مافی میللەتانە لە ئێران بۆ نەهێشتنی ستەمی میللی و بەدەست هێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس پارێزگاری کردوە و دەیکا. بۆ بەهێز کردنی بزووتنەوەی کوردستان لە پێناو نەهێشتنی ستەمی میللی لە میللەتی کورد تا گەیشتن بە مافی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ و هێنانە دی هەر چەشنە ستراتژییەکی دێمۆکراتیک لە ئێران تێدەکۆشێ و لە رابەریکردنی ئەو بزووتنەوەیەدا هەڵسووڕاوانە بەشداریکردوە و دەیکا. خۆی لە ریزی پێشەوەی خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران بۆ رووخاندنی جومهووری ئیسلامی دیوەتەوە و دەی بینێ. بە هێز کردن و پشتیوانی هەمەلایەنە لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و لە سەرووی هەموانەوە بزووتنەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشان، ژنان، خوێندکاران و هەروەها خەبات و تێکۆشانی سنفی، ریفاهی و سیاسی توێژە بندەستەکانیتر لە دژی جومهووری ئیسلامی بە ئەرکی مسۆگەر و بەردەوامی خۆی دەزانێت.

## ئەم ڕەوتەی ئێمە خۆی لە بزووتنەوەی سوسیالیستی و لە ڕەخنە گرتنی بنەڕەتی لە موناسباتی سەرمایەداریدا دەبینێتەوە

سرمایەداری گەرچی هەموو لایەن و تایبەتمەندیەکانی روخساری کۆمەڵگای بە شێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕیوە و گەشەی پێداوە. بەڵام لە هەمان کاتدا نیزامێکە کە لە پێناو بەدەست هێنانی قازانجدا، بە شێوەیەکی وەحشیانە کە لە مێژوودا بێ هاوتایە جووڵاوەتەوە. سەبەبکاری شەڕ و ماڵ وێرانی لە ڕادەبەدەرە، سەرچاوەی داڕماندنی بێ بەزەییانەی ژینگەیە، پێکهێنەر و بەرپرسی قووڵ بوونەوەی جیاوازی نێوان سەروەت و هەژاری و پەرەپێدەری لە ئاستی جیهانیدایە. لەو کاتەوە بورژوازی وەک چینی نوێی چەوسێنەر بە سەر کۆمەڵگادا زاڵ بووە، بوەتە هێزی پاڵپشت و پارێزەری هەموو چەشنە ستەمێک و لەم نێوەدا ئەوە تەنیا بزووتنەوەی چینی کرێکار، سوسیالیستەکان و باقی زەحمەتکێشان و بندەستان بوون کە هەرکات هێزیان پێی شکابێت توانیویانە بە پێچەوانەی مەیل و پێخۆشبوونی بورژوازی، کەم تا زۆر بە قازانجی کۆمەڵانی خەڵک بەدیهێنەری مافی سیاسی، ئابووری و ریفاهی بن.

بزووتنەوەی سوسیالیستی وەک رەوتێکی کۆمەڵایەتی دژ بە شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، دژ بە کاری کرێ گرتە و دژ بە داب و نەریتی چەوسێنەرانەی سەرمایەداری، وەک ڕەوتێک لە پێناو دەربڕین و وەدیهێنانی داخواز و مافی رەوای چینی کرێکار و توێژە بن دەستەکانی کۆمەڵ – چ لە پێناو باشتر کردنی هەلو مەرجی کار و ژیانی چینی کرێکار و چ وەک بزووتنەوەیەک کە ئامانجی تێپەڕبوونە لە سەرمایەداری وەک قۆناغێکی مێژوویی- بزووتنەوەیەکە کە گەشە و پەرەگرتنی سەرمایەداری لەگەڵ خۆیِ هێناویە.

هاوئاهەنگ نەبوونی گەشەی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە بازنە میللیەکاندا؛ پرژوبڵاوی لە ناو ڕیزەکانی چینی کرێکار و ئەوەی کە بزووتنەوەی سوسیالیستی ناچار بووە لە بازنەی سیاسی و لە هەلو مەرجی خەباتکارانەی بەتەواوی جیاواز لە ئامانجەکانی خۆی نزیک بێتەوە؛ گەشە و قەیرانە دەورەییەکانی سیستەمی سەرمایەداری کە جموجووڵ پێدان و خاوکردنەوەی بزووتنەوەی سوسیالیستیدا دەوریان هەبووە؛ کاردانەوەی هۆکار ی جۆراوجۆر ی ئیدئۆلۆژیکی، کولتووری و پاشماوەی داب و نەریتی دواکەوتوانەی کۆمەڵایەتی؛ لەو هۆکارانەن کە گەشەی بزووتنەوەی سوسیالیستیان تووشی تەنگووچەڵەمە و ئاڵۆزی تایبەت بە خۆی کردوە.

سەرەڕای ئەمانە، ئەو شکستانەی وا بزووتنەوەی سوسیالیستی لە سەر ڕێی تێپەڕبوون لە نەزم و نەریتی سەرمایەداری و کاری کرێگرتەیی چەشتوویەتی، کاردانەوەی ڕۆحی و دەروونی و عەمەلی ئەم شکستانە و کەڵک وەرگرتنی تەبلیغی و ئیدئۆلۆژیکی بێ ئەوپەڕی سەرمایەدارەکان و دەوڵەتی پشتیوانیان لەم ناهومێدیە مێژووییە ، بوونەتە هۆی قووڵ بوونەوەی قەیرانە نێو خۆییەکانی بزووتنەوەی سوسیالیستی و زیاتر بوونی نارۆشنیەکانی سەرڕێی. چونکوو گەرچی بزووتنەوە سوسیالیستیەکان ئیدە وئاسۆیەکی واوەتر لە سەرمایەداریان ڕەچاو کردوە، بەڵام لە ئەساسدا و بە شێوەیەکی ئوبژێکتیڤ و ڕاستەقینە، خۆی بەرهەمی سەرمایەداری و لە ژێر کاردانەوەی هەلو مەرجێکدا بوون کە وەها سیستەمێک خولقاندوویەتی، بەو پێیەش نەیاندەتوانی بێ لەبەرچاو گرتن و بێ سەرنجدانە سەر ئەو سیستەمە گەشە بکەن. هەر شکست و هەر چارەنووسێکی تاڵ ونەخوازراو کە بزووتنەوەی سوسیالیستی تووشی هاتبێت، شتێک نیە جگە لە نیشانەیەکی دیکە لە کاردانەوەی داب و نەریت و پەیوەندیەکانی سەرمایەداری و خۆپارێزی وێرانکارانە و دژی ئینسانی ئەم نیزامە لە پێناو درێژە دان بە ژیانی جا لە ئەم یان ئەو شکڵ ولە ژێر ئەم یان ئەو نێودا...

مێژووی خەبات لە دژی سەرمایەداری لە هەمان کاتدا مێژووی تێکۆشان و مێژووی بزووتنەوەگەلێکە کە لایەنگری هەڵبژاردنی چارەسەری  مەیسەر و عەمەلین. ئەو چارە سەریانەی کە هەرچەند ناوەرۆکێکی سازشکارانەیان هەبووە، بەڵام لە هەمان کاتدا لە گەڵ پەرەسەندنی دابو نەریتی سەرمایەداری و هاوسەنگی هێزێک کە لەو نێوەدا شکڵی گرتوە هاتوونەتەوە و بە ئاشکرا مەیلیان لە سەر ئەوە بوە کە ئەگەر لە هەلو مەرجی ئەمڕۆدا توانای وەدیهێنانی ئامانجی سوسیالیستی مەیسەر نیە، خۆ لانیکەم بە دەست هێنانی هەلو مەرجێکی لەبارتر لە بەرانبەر سەرمایەدا و ژیانێکی کەم مەینەت تر لەم کۆمەڵگادا، مەیسەر دەبێت. باسی "ڕیفۆرم یان شۆڕش" لە نێو رادیکاڵترین بزووتنەوە سوسیالیستیەکاندا و گەیشتن بە فورموولگەلێک کە لە نێوان ئەم دوو شێوازەدا پەیوەندێکی مەنتێقی دامەزراندوە، شتێک نەبوە و نیە جگە لەم ڕاستییە کە سوسیالیسم بزووتنەوەیەکە کە بە کردەوە لە دڵی هەلو مەرجێکدا هەڵدەدا کە سەرمایەداری خولقاندویەتی.

بەدەر لە هەر چەشنە شۆڕشگێڕی یان ڕیفۆرمیزمێک، بزووتنەوەی سوسیالیستی لە بەرانبەر سەرمایەداریدا دیاردەیەکی بێ دەست و پێ نەبووە. بە پێچەوانە مۆری خۆی کوتاوەتە سەر پەیوەندی نێوان کار و سەرمایە، سەر دێمۆکراسی خوازی و شێوەی بەڕێوە بردنی دەوڵەت، سەر کولتوور و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی نێو کۆمەڵگا و سەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە و... ئێمە پێویستی ناسینی باسی ڕیفۆرم و شۆڕش‌مان لە چوارچێوەی دەرهێنان و بە دەستەوە گرتنی ستراتژییەکی سوسیالیستی وەرگرتوە و پەیوەندی نێوان ڕیفۆرم و ئەو ئیسلاحاتەی وا لە بەرچاومانە لە گەڵ ئامانجە سەرەکیەکەمان قەبووڵە، بەڵام پێمان وایە هەر ڕیفۆرمێک لە کردەوەدا مانای تایبەت بە خۆی پەیدا دەکا.

تەجرەبەی مێژوویی نیشانی داوە کە حکومەتە سەرمایەدارییەکان بە مەبەستی پێشگرتن  لە پەرە سەندنی شۆڕش، دەست دەدەنە ڕیفۆرمی ئابووری و کۆمەڵایەتی. لە هەلێکی وەها دەکرێ هەم دژ بە سەرمایەداری و هەم بۆ گەیشتن بە داخوازە دێمۆکرتیکەکان و بۆ دێمۆکراتیزە کردنی دابو نەریتە کۆمەڵایەتیەکان کەڵکی لێ وەر بگیرێت. مەسەلەی سەرەکی بۆ ئێمە ئەوەیە کە ئەم یان ئەو ڕیفۆرم هەر لەم نەزم و سیستەمەی ئێستادا چ ئاڵو گۆڕێکی پۆزێتیڤ لە ژیان و گوزەرانی کرێکاران و باقی کۆمەڵانی خەڵکدا پێک دێنێ. هەروەها لەو باوەرەداین کە تەنیا، ڕیفۆرمێک جێ دەکەوێت و دەمێنێتەوە کە بەرهەمی هاتنە مەیدانی چین و توێژەکانی خەڵک و بەرهەمی خەبات وتێکۆشانی گشتی یان بێت.

لەم ئاوڕدانەوە مێژووییەدا دەکرێ لە سەر ئەو تێئۆریە جۆراوجۆرانەی کە بە سەر ئەم بزووتنەوەدا زاڵ بوون و لە سەر لێکدانەوەکانیان سەبارەت بەم بزووتنەوەیە کە زۆر جار بە تەواوی لێک جیاوازن، لە سەر شکست و سەرکەوتنەکانی و هەروەها رەنگدانەوەی سیاسی بۆچوونە جیاوازەکانی نێو ئەم بزووتنەوە دابنیشیت و باسێکی دوور و درێژ بکەی(کارێک کە هەمیشە کراوە و ئەرکێکی بەردەوام و حاشاهەڵنەگرە لە بەردەم ئەم بزووتنەوەیە و هەڵسووڕاوانیدا) گومانێک لەوەدا نیە کە هەر وەک لە مانیفستی کومۆنیستیش‌دا مارکس و ئینگڵس بە دروستی ئاماژەیان پێداوە، بۆچوونە جۆراوجۆرەکانی نێو ئەم بزووتنەوەیە پێگەی جۆراوجۆریان هەیە و بەرژەوەندی جیاواز رەچاو دەکەن، لێرەشدا ئێمەش لە گەڵ بۆچوون و تێگەیشتنی جیاواز لە سوسیالیزم و لە گەڵ ستراتێژی سیاسی جۆراوجۆر کە هەرکامەیان ئامانجی خۆیان ڕەچاو دەکەن و هەر بەو پێیەش ئاکامی مێژوویی جیاوازیان لێکەوتوەتەوە بەرەوڕووین، ئەمەش خۆی ناسنامەیەکی ئەم بزووتنەوەیە؛ هەڵبەت هیچکام لەمانە ناتوانن ڕێگرمان بن لە وتنی ئەم ڕاستییە مێژوویە کە بزووتنەوەی سوسیالیستی وەک رەوتێکی مێژوویی لە نێو نیزامی سەرمایەداریدا، بزووتنەوەیەک بووە کە بە گشتی نەک هەر بوەتە هۆکاری سەرەکی لە ئینسانی‌تر کردنی روخساری کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکاندا، بەڵکوو بە لەبەرچاو گرتنی ئەو ئامانجەی کە بۆ کۆمەڵگای ئینسانی دیاری دەکات، تا ئێستا تەنیا ئاڵترناتیوی مەیسەرە کە دەکرێ بەدەستەوە بگیرێت بۆ

تێپەڕ بوون لە سەرمایەداری و لە هەموو دەرد و مەینەت و ماڵ ویرانیەک کە وا ئەم شێوەیە لە بەرهەم هێنان دەتوانێ بۆ بەشەری پێک بێنێ،.

بزووتنەوە سوسیالیستیەکان لەم بوارە مێژووییەی ئەمڕۆدا کەوتونەتە بارودۆخێکی تایبەتەوە. سەردەمێک کە زیاتر لە هەمیشە "گلۆبالیزاسیۆن" بوەتە قسەی سەرزاران. ئەم دیاردەیە بەرلەوەی کە ناسناوی دەسپێک یان کۆتایی ڕەوتێکی تازە بێت لە نەزمی ئابووری جیهانیدا، ئەوە نیشاندەدا کە سەرمایەداری جیهانی کەوتوەتە بەر گەلێک پرسیار و نارۆشنییەوە کە کاردانەوەی لە سەر هەمووان هەبێت. بۆچی، چونکوو "ئابووری نێونەتەوەیی" بە پێچەوانەی "ئابووری میللی" لە لایەن دەوڵەتێکی جیهانیەوە ئیدارە ناکرێت، بەڵکوو ئەوە قەول و قەراری نێوان دەوڵەتەکان و دەست تێوەردانی کومپانیا فرە نەتەوەیی و بانکە گەورە جیهانیەکان و بازاری بورس و ڕکەبەریەکانە کە لە شکڵ و شێوەی پێچهەڵپێچدا "ئابووری نێونەتەوەیی" کونترۆڵ دەکا.

لە هەڵسو کەوت لە بەرانبەر هەلو مەرجێکی ئاوادا، گرفتی سەرەکی ئێمە نەبوونی ئاڵتێرناتیڤێکە کە دەبوو لە خوارەوە هەستێت و چ بەرانبەر بە بەرژەوەندە ئیمپریالیستیەکان و چ بەرانبەر بە لاوازی دەوڵەتەکان لە ئاستی جیهانی گلۆبالدا خۆی نیشان بدات. جیهانی گلۆباڵ ڕێک لە کاتێک و لە هەلو مەرجێکدا خۆی نیشانداوە و بوەتە تاکەسواری مەیدان کە ئاڵتێرناتیڤە مێژووییەکەی واتە سوسیالیزم وەک بزووتنەوەیەکی جیهانی (لە ژێر قورسایی باری شکستە یەک لە دوای یەکەکانیدا) ئێستا ناتوانێ دەورێکی بنەڕەتی و دابینکەر ببینێ.

لە بۆشاییەکی وەهادا و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە گەڵ پەرەگرتنی ئیسلامخوازی وەک کاردانەوەیەکی هۆڤییەتی، بەرەوڕووین کە بە تایبەت کار و هەڵسووڕانی ئێمەی ڕاستەوخۆ خستوەتە ژێر کاریگەری نیگاتیڤی خۆیەوە. بە تایبەت لەو جێگایەدا کە ئەو بزووتنەوەیە لە بەرگی دژی ئیمپریالیستیدا خۆی دەنوێنێ. ئەمە خاڵێکە کە بۆ ئێمە بە لە بەرچاو گرتنی دەستەو یەخە بوونی ڕاستەوخۆمان لە گەڵ دەوڵەتێک کە لە باری ئیدئۆلۆژیکی و سیاسییەوە ئاڵاهەڵگری وەها بۆچوونێکە و لە باری ماڵی و لۆجستیکیشەوە دابینکەری سەرەکیەتی جێگای سەرنجێکی تایبەتە.

ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان، لە پێناو تێگەیشتن لە دنیای تازە، ناسینی ئەو پۆتانسیێلانەی کە بۆ بەربەرەکانێ لە گەڵ ئەم بارو دۆخە لێڵ و تاریکە لە ئاڕادان و خستنە سەر پێی ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیانە کە دەتوانن ئاڵتێرناتیڤی ئەو وەزعە بن، خۆمان لە ڕیزی ئەو کەسانەدا دەبینینەوە کە بۆ وەڵامدانەوە بەم بارو دۆخە، کەس بەرەو جوابە کۆنەکان هان نادەن، بەڵکوو لە جواب و وەڵامێک دەگەڕێین کە لە گەڵ ئاڵو گۆڕەکانی دەیان ساڵی ڕابوردووی جیهاندا بێنەوە.

## خەبات بۆ دێمۆکراسی بەشێک لە بنەما بنەڕەتیەکانی ئێمەیە

لە ڕوانگەی ئێمەوە بەرتەسک کردنەوەی دێمۆکراسی، لە هەر هەلو مەرجێک و بە هەر بیانوێک نەک هەر مەحکوومە بەڵکوو پەرە پێدان و قووڵکردنەوەی بەردەوامی دەبێ وەک ئەرکێکی ستراتژیک و نەک تاکتیکی لە بەرنامەدا بێت. ئەمە بە مانای بەکارهێنانی هەر چەشنە سازمان و فۆنکسیۆنێکە کە دەورگێڕانی ئیرادەی تاکەکانی خەڵک بە تایبەت تاکەکانی چین و توێژە بن دەستەکانی کۆمەڵ لە هەر هەلو مەرجێکدا مەیسەر دەکا.

پارێزگاری بێ ئەم لاو و ئەولای ئێمە لە دێمۆکراسی، لە هەمان کاتدا مانای ڕەخنە گرتنیشە لە بەرتەسکیەکانی سیستەمی دێمۆکراتیکی قەتیس لە چوارچێوەی نەزمی سەرمایەدایدا. سیستەمێک  کە بریتیە لە پارێزگاری لە بەرژەوەندی کەمایەتیەکی نێو کۆمەڵگا و داسەپاندنی ئیرادەی ئەو کەمایەتیە بە سەر زۆرینەدا .

ئێران وڵاتێکە کە بەردەوام بوونی ملهوڕی تێدا بوەتە گرفتێکی گەورەی بنەڕەتی و مێژوویی. لێرەش وەک هەموو وڵاتانی دیکتاتۆری، هەر ئەندازە لە پێشکەوتن لە ژیانی کۆمەڵانی خەڵک و بەدەست هێنانی هەر چەشنە

مافێکی سەقامگیر بۆ کرێکاران، زەحمەتکێشان، ژنان باقی چین و توێژە بن دەستەکان، بە بێ خەبات بۆ دیمۆکراسی و پەرەپێدانی مەیسەر نابێت.

## رووخانی رژیمی ئیسلامی ئێران یەکێکە لە ئامانجە سەرەکیەکانی ئێمە

هەڵوێستی ئێمە بەرانبەر بە حکوومەتی ئیسلامی روون بووە و ئێستاش روونە. ئەم رژیمە یەکێکە لە خراپترین و هارترین جۆرە دیکتاتۆریەکانی سەردەمی دەسەڵاتی سەرمایە واتە رژیمێکە کە بنەمای لە سەر فاشیزمی مەزهەبی دامەزراوە. لەم رووەوە و هەروەها بە هۆی مێژوویەکی رەش و جینایەتی لە رادە بەدەر و پاکتاوانە، مانەوەی هەر ساتێکی ئەم رژیمە بە مانای درێژەی مەینەت و خەسارێکی مێژووییە لە سەر ژیانی خەڵکی ئێران. تەنیا رێگا و یەکەمین شەرتی رزگاری کۆمەڵانی خەڵک، رووخانی ئەم رژیمەیە.

بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات لە لایەن ئیسلامیەکانەوە لە ئێران بێگومان هۆکاری مێژوویی، کولتووری و سیاسی خۆی هەبوو. لە هەمان کاتدا سەلماندنی ئەم دەسەڵاتە لە لایەن دەوڵەتانی رۆژئاواوە بۆ رەچاو کردنی قازانج و بەرژەوەندی ئەمپریالیستی، رێگا خۆشکەری هەڵدانی ئەم دەسەڵاتە بوو. سەرهەڵدانی ئەم دەسەڵاتە لە لایەکەوە دەگەرێتەو بۆ شکستی "ناسیۆنالیزمی ئێرانی" (ئەو باڵەی کە پێی وابوو ئێران گەیشتوەتە پشت دەروازەی "تەمەدوونی گەورە")، درێژەی ژیانی ملهوری سیاسی، نەبوونی سوننەتی دیمۆکراتیک و لیبراڵ و بێ دەسەڵاتی بزووتنەوەی سوسیالیستی بۆ هاتنە مەیدانێکی بە هێزی کۆمەڵایەتی لە مەیدانی سیاسی ئێران‌دا و لە لایەکی دیکەشەوە دەگەرێتەوە بۆ ئەوە کە دنیای ئێمپریالیستی رۆژئاوا چ بۆ بەربەرەکانێ لە گەڵ "سوسیالیسم و کومۆنیزمی ئوردووگاهی" و چ بۆ بەرگرتن لە گەشەی کومۆنیزمی سەربەخۆ لەو ئوردووگایە و هەر وەها بە ناسینی ئەو قەیرانە کۆمەڵایەتیانەی وا بەرێوە بوون، بزووتنەوە ئیسلامیەکانی بە ئامرازێکی باش بۆ ئەو بەربەرەکانێیە دەزانی.

سەرەرای ئەمانە، بەربەرەکانێیە کۆمەڵایەتیەکان لە ئێران پێیان ناوەتە قۆناخێکی تازەوە. ئێمە شاهیدی چرۆکردنی بزووتنەوەیەکی سوسیالیستی نوێین کە بۆ ناسینی زەمینەکانی مێژوویی وەها بزووتنەوەیەک ، بە شێوەیەکی واقعیتر دەگەرێتەوە بۆ بنەما کۆمەڵایەتیەکانی خۆی و سەبارەت بە ئاڵۆزیەکانی خەبات بەرەو ئامانجی سوسیالیستی، تێگەیشتنێکی زوڵالتری پەیدا کردوە. ئەم بزووتنەوە نوێیە لە بواری ناسینی کەندو کۆسپەکانی سەر رێگای وەها رەوتێک و گەیشتن بە وڵامی شیاو، دەگەرێتەوە بۆ خودی کۆمەڵگا و بۆ ئەو کەرەسە و پێویستیانەی کە کۆمەڵگا دەیداتە دەست. ئەم بزووتنەوە لە سەرەتای رێگایەکدایە کە خۆی لە تێروانینی شێوە مەزهەبی و تەریکخوازانە دەرحەق بە ئاوات و ئامانجە ئینسانیەکان دوور بخاتەوە.

ئەمە تەنیا بزووتنەوەی سوسیالیستی نیە کە لە بەربەرەکانێ لە گەڵ رژیمی ئیسلامی و ئەو نەزمە کۆمەڵایەتیەی وا لە ئارادایە سەر هەڵدەداتەوە، گەلێک بزووتنەوەی دیکەش هەن کە لە ئاستی چالاکیە کۆمەڵایەتی و کولتووریەکان و لە پێناو وەدی هاتنی داخوازیە دمۆکراتیکەکان و مافی مرۆڤدا لە مەیدانە جۆراوجۆرەکاندا پەرەیان گرتوە. ئێمە گەشە و پەرەگرتنی بزووتنەوەی ماف خوازانەی میللەتانی دانیشتووی ئێران، بزووتنەوەی سەربەخۆی ژنان، خوێندکاران و هەروەها چالاکی جۆراوجۆری فەرهەنگی و پیشەیی بە چاو دەبینین ، کە بەرانبەر بە دەسەڵاتی ئیسلامی هاتوونەتە کەوان و لە گەلێک مەیداندا ئەو دەسەڵاتەیان تووشی کەند و کۆسپ کردوە.

ئەم رەوت و بۆچوونەی ئێمە، پەرەپێدان و قووڵ کردنەوەی ئەم بزووتنەوەگەلە بە ئەرکی خۆی دەزانێت. ئێمە لەو بروایەداین کە زاڵ بوون بە سەر ئەم دەسەڵاتەدا بە بێ پشتیوانی و بە هێزکردنی هەمەلایەنەی ئەم بزووتنەوانە، لە کردەوەدا ئاکامێکی نابێت. لە روانگەی ئێمەوە خەبات لە دژی وەها دەسەڵاتێک، خەباتێکی هەمە

لایەنەیە کە دەبێ لە هەموو سەنگەرەکاندا و بە پشت بەستن بە هێزو توانای کۆمەڵایەتی خەڵکی عەداڵەتخواز و ئازادیخوازی سەراسەری ئێران بچێتە پێش.

ئێمە لێرەدا بە شێوەیەکی گشتی و زۆر بە کورتی، سەرخەتی بەرنامە و پرۆگرامی خۆمان بۆ دەسەڵاتێکی خەڵکی بە دوای ڕووخانی رژیمی ئیسلامی لە ئێراندا، ڕادەگەیەنین. ئامانجی سوسیالیستی ئێمە ئەوەیە و بۆی تێدەکۆشین کە بزووتنەوەی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش وەها لێهاتوویەکی فیکری، سیاسی، ڕێکخراوەیی، کولتووری و ئینسانی لە خۆی نیشان بدات کە بکرێت زۆر واوەتر لەم مەبەستانەی خوارەوە بچێتە پێش. بەڵام گەیشتن بە هەر ئەندازە لە بەندەکانی ئەم بەرنامەیەش ئەبێتە هۆێ باشتر بوونی بارودۆخی ژیان و خەباتی کۆمەڵانی خەڵک و بەو پێیەش جێگای پەسەندی ئێمەیە:

***

## ئەلف- بەرنامەی ئێمە چ لە ئاستی سەراسەری و چ لە ئاستی کوردستانیدا

١- دەسەڵاتی سیاسی لە ئیرادەی خەڵکەوە دێتە دەر؛ خەڵکێک کە ئازادانە، کاربەدەستان و دەزگا حکوومەتیەکان لە هەر شکڵێکدا کە خۆیان بیانهەوێ هەڵدەبژێرن و هەرکاتیش ئیرادە بکەن وەلایان دەنێن. هەر کەسێکی بانتر لە هەژدە ساڵ مافی هەڵبژاردن و هەڵبژێردرانی هەیە.

دین لە دەوڵەت جودا دەبێت و هیچ مەزهەب یان ئیدئۆلۆژیەک و هیچ گرووپێک، خاوەنی هیچ مافێکی تایبەت و نەگۆڕ و ڕەسمی بانتر لە خەڵکی نابێت. ئیمتیازە سیاسی و ئابووریەکانی ڕۆحانیەت هەڵدەوەشێتەوە.

٢- باوەڕ پێ بوون یان باوەڕ پێ نەبوون بە ئەم یان ئەو عەقیدە و مەزهەب بە تەواوی ئازادە و مافی تاکەکەس خۆیەتی. موافق بوون یان موخالف بوون لە گەڵ ئەم یان ئەو ڕەوتی سیاسی و فیکری، دەربڕینی بیرو باوەڕی سیاسی بە هەر چەشن و شێوەیەک کە زانست و تێکنۆلۆژی بەشەر لە مەیدانی دەزگای ڕاگەیاندنی گشتیدا خولقاندویەتی ، بە تەواوی ئازادە.

سانسۆر و دەست تێوەردان لە چاپەمەنیەکان و دەزگا ڕاگەیندنە گشتیەکانیتر کۆتایی پێدێت. کونترۆڵی نامە، تەلەیفوون، پەیامی ئێلێکترۆنیکی و باقی کەرەسەی پەیوەندی گرتنی خسووسی کەسان و ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان قەدەغەیە.

٣- پێکهێنانی حیزب، اتحادیە، سەندیکا، ئەنجومەن و هەر چەشنە ڕێکخراوێکی سیاسی و پیشەیی و کەلتووری دیکە ئازادە. مانگرتن، کۆبوونەوە و خۆپێشاندانی سیاسی و ئێعتیرازی خەڵک (لە خیابان، کارخانە، زانکۆ، مەدرەسە و شوێنەکانی دیکە) دەبێ ئازاد بێ و لە دەسدرێژی دەوڵەت و دەزگا نیزامی‌یەکان، دەبێ ئەمین بێ.

٤- گیان و ماڵ و شوێنی ژیان و کار و مافی تاک و مافە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی هەر تاکە کەسێک بەرانبەر بە دەوڵەت، بەرپرسان و کاربەدەستان و دەزگا حوکمی و نا حوکمیەکان (حزبی، ئائینی، تایفە، عەشیرە و...) پارێزراوە و دوور لە دەسدرێژیە.

یەکسانی مافی هەموو شارومەندان لە هەموو مەیدانە سیاسی، ئابووری، ئیداری و کۆمەڵایەتیەکان بە بێ لەبەرچاو گرتنی مەزهەب، نەتەوە، جنسیەت، ڕەگەز و شتیوا.

٥- دەزگای قەزایی دەبێ لەسەر بناغەی پێشکەوتووترین قانوون و یاساکانی کۆمەڵگای بەشەری و بەیانیەی جیهانی مافی مرۆڤ دابمەزرێ و بە تەواوی سەر بەخۆ بێ لە دەزگا دەوڵەتیەکانیتر.

هەموو دادگاکان دەبێ ئاشکرا و بە بوونی هەیئەت مونسیفە دابمەزرێن. ئەسڵ لە سەر بێگوناهی بەرگومان (متهم)ە.

هەڵوەشاندنەوەی حوکمی ئێعدام و هەرچەشنە حوکم و کردەوەی دڕندانە و لە شێوەی سەدەکانی ناوەڕاست لە چەشنی بەردەباران، بڕین یان ناقس کردنی ئەندامی لەش، شەلاق لێدان و ئەشکەنجە.

هەموو زیندانیانی سیاسی دەسبەجێ دەبێ ئازاد بکرێن. هەڵسووڕانی سیاسی نابێ جورم بە حسێب بێت. هەموو ئەو بنەماڵانەی وا لە لایەن ڕژیمی جومهووری ئیسلامیەوە تووشی خەسران و ئازاری ئینسانی، ماڵی و ماڵوێرانی و ئاوارەیی بوون (لەوانە بنە ماڵەی پێشمەرگەی کوردستان) و هەروەها هەموزندانیانی سیاسی کە لە شکەنجەخانە و سیاچاڵەکانی ڕژیم گیانیان دەرباز کردوە، دەبێ لە ژێر چاوەدێری دەزگایەکی هەڵبژێردراو و جێ متمانەی نێوخۆیی و نێونەتەوەییدا قەرەبوو بکرێنەوە.

٦- ئازاد بوون و بەرەسمی ناسینی مافی پێکهێنانی ڕێکخراوە سەر بەخۆ کرێکاریەکان لە هەموو مەیدانەکانی هەڵسووڕانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئیداری، فەرهەنگی و شتیوا. مافی بەشداری و هاریکاری سازمانە سەربەخۆ کرێکاریەکان لە نووسین و ئامادە کردنی یاساکانی کار، دیاریکردنی لانیکەمی حەقدەست و لانی زۆری سەعاتی کار (٤٠ سەعات یان کەمتر لە حەوتوودا، دوو ڕۆژ پشووی لە سەریەک لە حەوتوو و...) بە بەشداری و سەلماندنی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی کرێکاران. دامەزراندنی بیمەی بێکاری. قەدەغە بوونی کاری پیشەیی بۆ منداڵان و تازەلاوانی کەمتر لە ١٦ ساڵ . و...

بە گشتی چینی کرێکار لە ئێران دەبێ لانیکەم لە باشترین ئاستی ژیانێک کە چینی کرێکار لە دنیادا دەستی کەوتوە بەهرەمەند بێت و هەر ئەندازە لە پێشکەوتنی ئابووری میللی دەبێ ئەوە زەمانەت بکا کە ژیان و گوزەرانی چینی کرێکاری ئێران هەرچی خێراتر لەو ئاستە نزیک بێتەوە. بۆ هاسانکاری لەم بوارەدا ، چینی کرێکار و باقی کۆمەڵانی خەڵک دەبێ مافی پێداچوونەوە بە سەر قازانج و سەروەتی سەرمایەداران و هەموو داراییەکانی دەوڵەتیان هەبێت.

٧- هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو نەزم و یاسایانەی کە هەڵاواردنی ژنانی لێدەکەوێتەوە و لە باری یاسایی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، بنەماڵە، کولتووری، هونەری، وەرزشی و هەموو مەیدانەکانیتر، ژنان دەکەنە بن دەستی پیاو.

هەڵوەشاندنەوەی حیجابی زۆرەملی.

قەدەغە بوونی فرە ژنی (لە ژێر هەر نێوێکدا بێ، وەک سیغە و شتیوا). مافی یەکسانی تەلاق بۆ ژن و پیاو و مافی یەکسان لە بابەت سەرپەرشتی منداڵ، ئیرس و شتیتر.

٨- لە بەین بردنی هەرچەشنە هەڵاواردنی میللی و مەزهەبی. بە رەسمی ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ میللەتانی بندەست. پاراستنی یەکسانی مافی هەموو زمانەکان بۆ بەکارهێنان لە هەموو مەیدانەکانی فێرکردن و بارهێنان، دەزگا ڕاگەیەندنەکان، مەیدانە ئیداری،هونەریەکان و هتد.

٩- دامەزراندنی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی کە ژیانێکی شیاوی ئینسان بۆ هەموو شارەومەندانی کەم داهات یان بێکار و هەروەها بۆ هەموو ئەوانەی کە بە هۆی تەمەن و پەک کەوتەیی لەش یان ڕۆحیەوە توانای دابینکردنی گوزەرانی خۆیان (واتە خۆراک، جلو بەرگ، سەرپەنا و باقی پێداویستیەکانی ژیان) نیە، دابین بکات، لە ڕێگای تەرخانکردنی بەشێک لە سەروەتی میللی، مالیات و هەروەها دامەزراندنی تەعاونیگەلێکەوە کە دەوڵەتیش دەبێ لە پێکهێنانیاندا هاسانکاری بکات .

دابینکردنی هەموو ئیمکانی پێویست و بەخۆڕایی بۆ خوێندن ، دەرمان و بێهداشت، وەرزش و گەشەی کولتووری و هونەری بۆ هەموو دانیشتوانی وڵات. تەرخانکردنی بووجە و هێزی پێویست بۆ چاوەدێریکردن و باشترکردنی ژیانی کەم ئەندامان، منداڵانی بێ سەرپەرەست. پیران و پەککەوتوان، موعتادەکان، لەشفروشان و...

١٠- دوایی‌هێنان بە دیپلۆماسی شاراوە و هەڵوەشاندنەوەی هەموو بڕیارنامە و پەسەندکراوە دژی ئینسانی، کۆنەپەرەستانە و ئیمپریالیستیەکان.

## ب – بۆچوون و هەڵوێستەکانی ئێمە بەرانبەر بە مەسەلەی میللی و بزووتنەوەی جەماوەری لە کوردستان

### بنەما مێژوویەکانی ئەم مەسەلەیە

ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە. "ناسیۆنالیزمی ئێرانی" – کە خۆی دیاردەیەکی ئەم ئاخرانە و بەرهەمی گەشەی سەرمایەداریە لە ناوچەکە- بە پشت بەستن بە هەبوونی دەوڵەتی ئێران لە کۆتایی سەردەمی قاجاڕەکان (شۆڕشی مەشرووتە) و پاشایەتی پەهلەوی و کەڵک ورە گرتن لەو کەرەسەیە، ئاڵا هەڵگری دروستکردنی دەوڵەت- میللەتی ئێران بووە. دەوڵەتی ئێران کە خۆی بەرهەمی دەور و بوارێکی مێژووییە، بە ڕەچاو کردنی سیاسەتی یەک لایی کردنەوە و تێکەڵکردنی ئیجباری کولتووره جۆراوجۆرەکان لە سەر بنەمای زمانی فارسی، زەمینەی سەرهەڵدانی وەها ناسیۆنالیزمێکی پێکهێنا. ئەو دەوڵەتە بە سەرکوتکردنی دەسەڵاتە لاوازەکانی ئەم پەڕو ئەوپەڕی ئێران، هەوڵیدا لە لایەکەوە بە بەکارهێنانی دیکتاتۆری هەموو دەسەلات لە مەرکەزێکدا کۆ بکاتەوە و لە لایەکی ترەوە دەست بداتە سازکردنی میللی گەرایی ئێرانی و دروستکردنی جۆرێک لە میللەت- دەوڵەت لە جوغرافیای سیاسی ئێراندا.

سەرکەوتنە سەرەتاییەکانی دەوڵەت و ناسیۆنالیزمی ئێرانی کە بەشی زۆری مەرکەزیەت دان بە دەسەڵات و داسەپاندنی ئەو دەسەڵاتە بە سەر میللەتانی دانیشتووی ئەو وڵاتەی لێ ڕەچاو کراوە، خۆی بەم مانایە کە ئەو دەوڵەتە لە بەڕێوە بردنی سیاسەتە میللی گەریەکەشی لەو سەردەمەدا، لە گەڵ میللەت گەلێکی خاوەن وشیاریی میللی بەرەوڕوو نەبوە، بەڵکوو بە پێچەوانە لە بردنە پێشی پیلان و نەقشە و سیاسەتەکانیدا، لە هەر سووچێکی ئێران لە ڕابوردوودا (بە جیاوازی تاڕادەیەک بەرچاوەوە) خۆی بەرانبەر بە قەوم و ئیل و عەشیرەت گەلێکدا دیوەتەوە کە نەک هەر بە ئاسانی توانیویە سەرکوتیان بکات، بەڵکوو زۆر جاریش لە کێشە و ناکۆکیەکانی نێوانیان بە قازانجی بردنە پێشی ئامانجەکانی کەڵکی وەرگرتوە. سەرەڕای ئەوانە نابێ دەور و شوێنەواری زل هێزە جیهانیەکانیش لە سەر ناوچەکە و هەروەها دەستێوەردانی ئیستێعماریانە و ڕکەبەرایتیەکانیان لە وەها ڕەوتێکدا نەدیدە بگرین کە سەرەنجام بە قازانجی هاتنە ئاڕای ئەم دەوڵەتانە و بەم شکڵو شیوازەی ئەمڕۆیان دەوری گێڕاوە.

گەرچی بەربەرەکانێی خەڵکی کوردستان لە گەڵ وەها گەلاڵەیەک (تەنانەت هاریکاری برێک لە چین و توێژەکان یان بێ لایەن مانەوەی بەشێکی زۆر لە خەڵک بە تایبەت ئەو کاتەی کە کاردانەوەیەکی وشیارانەیان بەرانبەر بە وەها گەلاڵەیەک بۆ مەیسەر نەدەبوو) لە سەرەتای کاردا نەک بە شێوەی خۆڕاگریەکی "میللی خوازانە" بەڵکوو لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیە عەشیرەیی و فیئۆدالیەکاندا هاتوەتە کەوان (کە هەر بەو دەلیلەش بە هیچ نەگەیشتوون)؛ بەڵام ئەوە بەو مانا نەبوە کە خەڵک بە ئاسانی ملیان بە وەها گەلاڵەیەک دابێ و هەروەک مێژوو نیشانی دەدا، خەڵکی کورد – لە ڕەوتی گۆڕانکاری بەرەو بوون بە میللەتدا - بە خەبات لە دژی ستەمکاری میللی و بۆ بە دەس هێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس، بە هەڵگرساندنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان لە

قۆناغی جۆراوجۆردا، بەرانبەر بەو گەلاڵە و تەرحانە، کە جێ و شوێنی شارەومەندێکی دەرەجە دووی پێداوە، ڕاوەستاوە و کۆڵی نەداوە.

ئەم ڕاوەستانە هەر لە سەرەتای دەسپێکردنیەوە جگە لە گەشە نەکردنی ئابووری لە گەڵ چەند کەم و کووڕیەکی بنەڕەتی دیکەش بەرەو ڕوو بووە:

١- نەبوونی دەسەڵاتێکی بە هێز لە کوردستان بە دوای شەڕی جیهانی یەکەمدا کە بتوانێ یەکیەتی قەومە کوردەکان لە ناوچەکەدا بەدی بێنێ.

٢- پرژو بڵاوی خەڵکی کورد لە ناوچە شاخاویەکان کە بوەتە هۆێ پێک نەهاتنی پێوەندی ئابووری و کۆکەرەوە کە پێویستی مادییە بۆ هەستی بەرژەوەندی هاوبەش، هەروەها مەیلی ناوچە کوردنشینەکان بەرەو هەندەران بۆ دابین کردنی پێداویستی ژیان .

٣- دابەشکراوی ناوچە کوردنشینەکان لە نێوان دوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی پێش دەسپێکردنی هەر چەشنە جووڵانەوەیەکی ناسیۆنالیستی لە ئاستی مەنتەقەدا ، وەک خۆ مانەوەی ئەم دابەشکردنە کە بووەتە هۆکاری سەرەکی تێکەڵکردنی ئیجباری بەشەجۆراوجۆرەکانی کوردستان لە نێو دەوڵەتانی مەنتەقەدا.

٤- دەست تێوەردانی ئەمپریالیستی کە سەرەنجامەکەی بە زیانی یەکگرتوویی نەتەوەیی میللەتی کورد تەواو بووە.

بزووتنەوەی کوردستان لە ئێران لە باری مێژوویشەوە خۆی لە هەلو مەرجێکی تایبەتیدا دیوەتەوە. لێرە بە پێچەوانەی تورکیە و عێراق، کێشەکە تەنیا دوو لایەنی نیە. لە ئێران چەندین گەلی جۆراوجۆر هەن کە ستەمی میللیان لە سەرە و هەرکامە پۆتانسییلی پێکهێنانی دەوڵەت – میللەتی سەربە خۆیان تێدایە، ئەمە خۆی هەلو مەرجێکی تایبەتی پێکهێناوە. گەرچی لە لایەکەوە دەوڵەتی ناوەندی هەوڵی داوە بە قەدەغکردنی زمانی دایکی لە قوتابخانەکان، دەست بداتە یەکسانکردنێکی زورەملی، بەڵام لە لایەکی دیکەوە و بە هۆی جۆراوجۆری فەرهەنگی و ژمارەی بەرچاوی میللەتان لە ئێران، ئەو دەوڵەتە – سەرباری هەموو کردەوەیەکی شۆونیستی لە پێناو ئاسیمیلاسیون (تواندنەوەی زۆرەملی) میللەتە غەیرە فارسەکاندا- نەیتوانی ئەم میللەتانە لە بەرچاو ون کاو (وەک تورکیە و سووریە) بە تەواوی نکۆڵی لە بوونیان بکات. هەر بەم دەلیلە، ئەم میللەتانە، هەم بە پاراستنی ناسنامەی خۆیان لە پاڵ یەکتردا ژیاون و هەم ڕەوتی گۆڕان بەرەو میللەتیان بڕیوە.

لەم ڕووەوە، ئەوەی لە کوردستانی ئێران پێی دەوترێ "بزووتنەوەی کوردستان"، لە ژێر ڕەنگدانەوەی چەند هۆکارێکی مێژووییدا کەوتوەتە سەر پێ کە پێکەوە دەوریان گێڕاوە و ناوەڕۆکێکی تایبەتیان بەم بزووتنەوە بەخشیوە :

١- بوونی "میللەتی کورد" لە سەرزەمین گەلێکدا کە لە باری مێژووییەوە پێی وتراوە کوردستان و خەڵکی کورد زمان بە کولتوورێکی هاوبەشەوە لەو خاکەدا دەژین. سەرزەمینێک کە لە ڕەوتێکی مێژوویی بە پێی هۆکاری جۆراوجۆرەوە بە سەر چەند وڵاتی ناوچەکەدا (ئێران، تورکیە، عێراق و سووریە) دابەشکراوە و هەر ئەمەش بوەتە هۆی ئەوە کە هەر بزووتنەوەیەک بۆ نەهێشتنی ستەمی میللی لە هەرکام لەم بەشانەدا، ڕاستەوخۆ لە سەر بەشەکانی دیکە کاردانەوەی هەبووە.

٢- هەست کردن بە ناسنامەی میللی (کورد بوون) کە بوەتە باوەڕێکی گشتی خەڵک.

٣- فرەنەتەوە بوونی وڵاتی ئێران کە ئەمەش خۆی کاردانەوەی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگی خۆی هەبووە.

بەدەر لە هەر ئاڵوگۆر و کاردانەوەیەکی ئەو ئاڵوگۆڕە، میللەتی کورد لە کوردستانی ئێران کۆمەڵێکە لە نێو وڵاتی ئێراندا کە دەتوانرێ پێناسە بکرێت. کولتوور و زمانی هاوبەش، جۆغرافیایەکی دیاریکراو کە ئەم خەڵکە پشتاوپشت لێی ژیاون، لە ئاڕادابوونی بزووتنەوەیەکی سیاسی بەردەوام بۆ وەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس، بزووتنەوەیەک کە واقعی کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردی وەک واقعێکی سیاسی لە ئاستی ناوچەکەدا هێناوەتە ئاراوە.

لە حکوومەتی پەهلەوی و لەو دەورانەی کە پێی دەوترێت دەورەی دەسپێکی مودێرنیتە و میللی گەرایی ئێرانی پێش لە ئیسلاحاتی ئەرزی، کۆمەڵگای کوردستان جگە لە چەند شاری نەک زۆر گەورە – بەڵام بە داب و نەریتی شاریەتەوە - کە شوێنی لێبوون و ژیانی فێئۆدالەکان، تاجر و بازاریەکان، خاوەن سەنعەت و پیشەکان، کاربەدەستە ئیداریەکان و خەڵکێک کە خزمەتیان بەم چین و توێژانە دەکرد، زۆرتر کۆمەڵگایەکی دێنشین - عەشیرەتی بوو. تا ئەو سەردەمە خەڵکی کورد لە "ئێرانی بوون" تەنیا، غەدر و زۆرە ملی کاربەدەستانی نیزامی و ئیداری، دامەزرانی پادگان و سەربازگیری و لە ئاستێکی زۆر کەمیشدا کردنەوەی چەند مەدرەسەیەک ئەویش بە مەبەستی فێرکردنی زۆرەملی زمانی فارسیان تەجرەبە کردبوو.

ئیسلاحاتی ئەرزی – کە لە بانەوە و لە وێکهاتن لە گەڵ ڕەوتی سەرمایە ئیمپریالیستیەکاندا هاتبووە ئاراوە - روخساری کۆمەڵگای کوردستانیشی وەک باقی شوێنەکانی ئێران، گۆڕی. گۆڕانکاریگەلێک کە بنەڕەتی بوون. بەڵام ئەمە بەو مانا نەبوو کە کۆمەڵگای کوردستان جێو شوێنێکی لەباری لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی-ئابووری ئێراندا پەیدا کردبوو. موناسباتی سەرمایەداری دامەزرابوو، بەڵام ئەوە بەو مانا نەبوو کە کوردستان ببوە سەنعەتی، یان بە مانای پێکهاتنی بواری لە بار بۆ وەها ئاڵو گۆڕێکیش نەبوو. هێزی کارێک کە بە هۆی ئەم ئاڵو گۆڕەوە ئازاد ببوو، بۆ کار و دابینکردنی ژیان و گوزەرانی بە ناچار رووی لە ناوچە پیشەییەکانی ئێران دەکرد؛ ئەویش هەڵبەت نەک وەک کرێکارێکی پەروەردەکراو، بەڵکوو وەک کرێکاری وەرزی و بۆ کار لە بەشی ڕێگاو بان و خانووبەرە، کرێکاری کوورەخانە و بەردبڕین و کۆڵکێشی لێواری دەریاکان لە باشووری ئێران کە پێویستیان بە هێزی کارێکی وەها هەبوو. شارنشینی پەرەی سەندبوو، بەڵام زۆرێک لەو شارانە لە ڕاستیدا دێهاتێکی گەورە بوون کە نازناوی "بەخش" و "فەرمانداری"یان پێ بەخشرابوو. خەڵکی دێهات بە فراوانی روویان لە شارەکان کردبوو، (ڕەوتێک کە لەم بیست ساڵەی دواییدا لە ڕادە بەدەر پەرەی گرتوە) بەڵام ببوونە قراخ نشینی شارەکان و هێزی کاری شیرکەتە ساختمانیەکان و... ژمارەی مەدرەسەکان زیادیان کردبوو وە ئاستی پەروەردەی گشتیش چووبوە سەر. بەڵام لە چاو پەروەردەی شوێنە پێشکەوتووەکانی ئێران زۆر لە ئاستێکی خوارەوەدا بوون و...

کەوابێ یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی دواکەوتوویی کوردستان، بوونی ستەمی میللی و ئەو هەڵاواردنەیە کە دەوڵەتە ناوەندیەکان دەرحەق بە خەڵکی ئەم ناوچەیە کردوویانە. ئەمە دەریدەخا کە ستەمی میللی تەنیا بە مانای بێبەشکردنی خەڵک و منداڵەکانیان لە پەروەردە و بارهێنان بە زمانی دایکیان نیە، بەڵکوو بە شێوەیەکی گەڵاڵە داڕێژراو بۆ کێشانە ژێر کۆتو بەندی میللەتێکە لە پێناو بەرژەوەندێکی شۆونیستیدا و لە بنەڕەتدا بووەتە سیاسەتێکی داگیرکەرانە (واتە سەرکوتی وەحشیانە، تاڵانی داهاتی میللی و درێژەدان بە دواکەوتووڕاگرتنی ئابووری و پیشەیی).

## بزووتنەوەی کوردستان پاش ڕاپەڕینی ٥٧

ئەمە بزووتنەوەیەکی ئێعتێرازی، هەمەلایەنە و جەماوەری و ڕاوەستانی خەڵکێکی ستەملێکراو بوو بۆ گەیشتن بە مافە پێشێلکراوەکانی بەڵام لە هەلو مەرجێکی بە تەواوی جیاواز و گەشەکردوو لە چاو رابوردوو.

ئەوەی کە ئەم بزووتنەوە لە بزووتنەوەکانی پێشووی جودا دەکردەوە و سیمایەکی‌تری پێدەبەخشی، چەند هۆکارێکن کە دەکرێ بیانشمێری و هەڵیانسەنگێنی:

١- ئەو ئاڵو گۆڕە کۆمەلایەتیانەی کە ئاماژەمان پێدان و ئەو ئاکامە کۆمەلایەتی- سیاسیانەی وا ئەو ئاڵو گۆڕانە بۆ کەوتنەوە سەر پێی بزووتنەوەی کوردستان خولقاندبوویان.

٢- هاتنە مەیدانی رەوتی چەپ و سوسیالیست کە خۆی بەرهەمی ئاڵو گۆڕە ئاماژە پێکراوەکان و هەڵدانی چینە تازەکان (لەوانە چینی کرێکار) بوو. کۆمەڵە وەک ئالاهەلگری ئەم بزووتنەوە ناسرا.

٣- شکل و شێوازێک کە بزووتنەوەی ئەمجارە لە هەموو مەیدانەکانی خەباتدا وەخۆی گرتبوو؛ بەشداری بەرینی کۆمەلانی خەڵک لە بەشگەلێکی بەرفراوانتر لە کوردستان لە بزووتنەوەی نوێ کە رادەی بەرینایی و هەمە جۆر بوونی شێوازی خەباتکارانەیان لە گەڵ بزووتنەوەکانی پێشوو بەراورد نەدەکرا.

٤- لە ئارادابوونی درێژماوەی بزووتنەوەی میللی کورد لە کوردستانی عێراق و کاردانەوەی لە سەر کوردستانی ئێران.

بە لەبەر چاو گرتنی ئەو راستیە مێژووییانەی سەرەوە، هەروەها فرە نەتەوە بوونی ئێران و بوونی ستەمی میللی، دیفاعی بێ ئەم لاو و ئەولا لە نەمانی ئەو ستەمە یەکێکە لە بنەماکانی دیمۆکراسی لە ئێران و خاڵێکی گرینگی بەرنامەی ئێمە دەبێ. هەبوونی مەسەلەی میللی و بە کردەوە لە ئاڕادا بوونی بزووتنەوەی میللی- دیمۆکراتیک لە کوردستان، بە مانای هەبوونی هەلو مەرجێکی تایبەتە لەم ناوچەیە لە چاو باقی شوێنەکانی ئێران و هەروەها هەل و مەرجی تایبەتیە لە ژیانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کوردا و بەم بۆنەشەوە بە مانای پێویستی بە دەستەوە گرتنی سیاسەت و تاکتیک و ڕەچاو کردنی ئامانج گەلێکی تایبەتە بۆ چەپی هەڵسووڕاو لە کۆمەڵگای کوردستان.

ستەم و هەلاواردنی میللی بە مانای داسەپاندنی بندەستی و مەینەتی بەرفراوانترە بە سەر کۆمەلانی کرێکار و زەحمەتکێشی نەتەوە بن دەستەکاندا لە چاو چینەکانی‌تر. کە وابێ لە پێناو ئازادی و بەرژەوەندیەکانی کۆمەلانی زەحمەتکێش و کرێکاریشەوە بووبێت، چەپ لە کوردستان (وهەڵبەت لە هەموو ئێرانیش) دەبێ پارێزەر و خەباتکاری پێشەنگ و بێ ئەم لاو ئەولای مافی میللەتی کورد بێت بۆ دیاریکردنی چارە نووسی خۆی (واتە مافی جودا بوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ). لە هەمان کاتیشدا وێڕای پەرەدان بە دوستایەتی و یاریکاری لە نێوان هەموو میللەتەکان و دوور خستنەوەیان لە بڵاو کردنەوەی تۆوی رق و بێزاری لە نێو یەکتردا، دەبێ لە نەهێشتنی ستەمی میللی لە سەر باقی میللەتانیش پشتیوانی بکات.

بە بێ خەباتی لێبڕاوانەی چەپی سوسیالیست بە گشتی و هەموو ئازادیخوازانی راستەقینە لە دژی شۆونیزمی میللی (و هەروەها خەبات لە دژی خەفەقان و فاشیزمی مەزهەبی دژ بە کەمایەتیە دینی، مەزهەبی و خاوەن بیروباوەڕەکانی‌تر) گەیشتن بە یەکگرتوویی چینایەتی کرێکارانی ئێران لە دژی تێکڕای چینی بورژوازی مەیسەر نابێت.

بە پێی ئەوڕوونکردنەوانەی سەرەوە، بەرنامەی ئێمە بۆ چارەسەری مەسەلەی میللی لە کوردستان ، ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگرێتە بەر:

ئەلف. چەپی سوسیالیست (و هەر ڕەوتێکی ئازادیخوازی ڕاستەقینە) دەبێ پارێزەری بێ ئەملاو ئەولای مافی دیاریکردنی چارەنووسی میللەتی کورد و مافی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی ئەو میللەتە بێت.

ب. لە ئەگەری بەردەوام بوونی حەیاتی ڕژیمی دیکتاتور و سەرکوتگەری مەرکەزیدا، ئێمە خوازیاری پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی میللی لە کوردستان و لە سەر دەنگ و ئیرادەی خەڵکی کوردین.

ج. بە لەبەرچاو گرتنی پەیوەندە کولتووری، ئابووری و مێژووییەکانی نێوان خەڵکی کوردستان و باقی شوێنەکانی ئێران، مانەوە لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیمۆکراتیکدا ڕێگاچارەیەکی گونجاوە لە گەڵ بەرژەوەندیەکانی میللەتی کورد و باقی خەڵکانی ئێران. بەم بۆنەوە ئێمە لە هەلو مەرجێکدا خوازیاری مانەوە لە چوارچێوەی ئێراندایین کە ئەم وڵاتە بووبێتە خاوەنی دەوڵەتێکی دیمۆکراتیک و قانوونی ئەساسی‌یەکی پێشکەوتنخوازانە.

لە وەها هەلو مەرجێکدا، ئەو شوێنانەی‌وا خەڵکی کوردی لێ دەژین، دەبێ وەک واحیدێکی سیاسی یەکانگیر، یاسا بەرەسمی بناسێت و خەڵکی کورد لە مافی مییللەتێک بەهرەمەند بێ.

لە وەها هەلو مەرجێکدا، پێوەندی دەسەڵات لە کوردستان لە گەڵ دەوڵەتی ناوەندی، پێوەندیەکی دیمۆکراتیک و فێدێراڵ دەبێ کە لە سەر ئەم دوو بنەما دادەمەزرێت:

١- مافی دەسەڵاتی میللەتی کورد لە کوردستان لە پێناو دابینکردنی دەسەڵاتی ئەم خەڵکە لە سەر کاروباری نێوخۆی کوردستان.

٢- پابەندبوون بە پاراستنی یەکیەتی و پێکەوە ژیانی هێمنانە لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیمۆکراتیکدا.

وەها پێوەندییەک بە شێوەی یەکجاری، لە لایەن نوێنەرانی میللەتی کورد لە لایەک و دەوڵەتی ناوەندی لە لایەکی دیکەوە گەڵاڵە دەکرێ. چ نوێنەرانی خەڵکی کورد و چ نوێنەرانی دەوڵەتی ناوەندی دەبێ ڕەوابوونی سیاسی خۆیان لە هەڵبژاردنێکی ئازاد و دیمۆکراتیکدا بەدەست هێنابێت. لەڕوانگەی ئێمەوە هەرچەشنە بەند و بەستی حیزبە کوردیەکان لە گەڵ دەوڵەتە دژە دیمۆکاتیکەکانی ئێران کە لە ڕاستیدا نیشاندەری ئیرادەی ئازادانە و دەسەڵاتی خەڵکی نین و نیشاندانی ئەو ئیرادەیە لە ڕەوتی هەڵبژاردنێکدا نەهاتبێتە دی، مەحکوومە و قبووڵ ناکرێ.

لە چوار چێوەی ئێرانێکی خاوەن دەسەڵاتێ دیمۆکراتیکدا، خەڵکی کورد لە مافی شارەوەمەندی یەکسان لە گەڵ باقی دانیشتوانی ئێران بەهرەمەندن. لە گەڵ ئەوە، هەر شارەوەمەندێکی ئێرانی دیکەش کە نیشتەجێی کوردستانە، لە هەمان مافی یەکسان بەهرەمەند دەبێت.

بە لەبەرچاو گرتنی فرەنەتەوە بوونی ئێران، سنوورەکانی حکوومەتی کوردستان لە هەموو ئەو ناوچانەی وا شوێنی ژیانی میللەتانی جۆراوجۆر بە زمان و کولتووری جیاوازە، بە دەنگی خودی ئەو خەڵکە دیاری دەکرێت. هەرچەشنە یاسایەک لەم بابەتەوە دەبێ بە جۆرێک گەڵاڵە بکرێت کە مافی هەرکەس لە هەر شوێنێک دەژی بۆ ژیانی بەردەوام لەو شوێنە بە ڕەسمی بناسرێت و شوێنەوارێک بۆ پەرەدان بە دوژمنایەتی میللی نەهێڵێتەوە.

## خەباتی چەکداری و سەرەنجامی هێزە سەرکوتگەرەکانی حکوومەتی ناوەندی

خەباتی چەکداری سوننەتێکی لە مێژینە و شێوەی سەرەکی خۆڕاگری میللەتی کورد بووە لە بەرانبەر زۆرەملی دەسەڵاتداران، دەوڵەتە ناوەندیەکان، ژینۆساید و پاکتاوی میللی لە سەرتاسەری ناوچە کوردنشینەکان بۆ گەیشتن بە مافی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربە خۆ یان شێوازێک لە خودموختاری. بەڵام ئەم شێوە خەباتە لە ڕاستیدا شێوەیەک بووە کە بە سەر میللەتی کورددا سەپێندراوە؛ دەوڵەتەکان ئەوەیان بە سەریانداسەپاندوە و

خەڵکی کوردیش بە ناچار دیفاعی لە خۆی کردوە. بە سەرنجدانە سەر ڕادەی گەشەی کۆمەڵگا کوردیەکان لە هەرکام لە وڵاتەکاندا کە دیارە لە گەشەیەکی ئاسایی بێبەش کراون، خەڵکی کورد ڕێگایەکی دیکەیان بۆ دەربڕینی هەبوونی جیاوازی خۆیان یا پارێزگاری لە خۆ بۆ نەماوەتەوە .

بێگومان لەم چەند دەیەی دواییدا تا ڕادەیەک هەلو مەرج گۆڕدراوە. خەڵکی شارەکانی کوردستان بە کەڵک وەرگرتن لە بارو دۆخی کۆمەڵایەتی ئەمڕۆ و بە گرتنە کاری ئەو کەرەسە بەرتەسکانەی وا لە بەردەستیاندایە دەتوانن ئێعتراز و داواکاریەکانی خۆیان لە شکل و شێوە گەلێکی دیکەی خەباتکارانەدا بێننە ئاراوە. لە دەرەوەی کوردستانیش بۆ گەیاندنی دەنگی نارەزایەتیان بە خەڵکانیتری جیهان، دەستیان ئاوەڵەترە و لە ئاستێکی بەرفراوانتری تەبلیغی بەهرەمەندن. دەتوانن چ وەک کرێکاری موهاجیر و چ وەک پەنابەری سیاسی لە وڵاتەکانی تر دەست بدەنە ئاکسیۆنی بەرچاو و بەرفراوان. بەڵام سەرەڕای ئەمانە، کوردستانی ئێران هێشتا وەک قەڵایەکی نیزامیە. سەرکوتێک لێرە و بەرانبەر بە هەر نارەزایەتیەک دەکرێ، لە هەر شوێنێکی دیکەی ئێران توندترە .

لەم ساڵانەی دواییدا مەیلێکی جێی پشتیوانی لە نێو ڕێکخراوە و حیزبە کوردیەکاندا بەرەو گرینگی دان <u>بە شکڵ و شێوازی خەباتکارانەی دیکە لە پاڵ خەباتی چەکداریدا</u> گەشەی کردوە و ڕەنگدانەوەکەی خۆی لەم سیاسەتەدا دیوەتەوە کە تا ئەو جێگایەی کە دەکرێ لە تێکهەڵچوونی چەکداری لە گەڵ هێزەکانی رژیم دەست بپارێزرێت.

بە لە بەرچاو گرتنی ئەو ڕاستیانەی لەسەرەوە باسی لێکراوە، ئێمە سیاسەتی گرینگی‌دان بە مەیدانەکانی دیکەی خەبات وێڕای خەباتی چەکداری بە دروست دەزانین؛ بەڵام پێمان وایە کار هەر بە تەنیا ئەمە تەواونابێ، دەبێ لە بوارێکی ناسراو و بە پێی گەڵاڵەیەکی دیاریکراو، وشیارانە، شکل و شێوازی خەباتکارانەی دیکە بۆ بەرنگار بوونەوە لە گەڵ رژیم پەرە پێبدرێ و بە هێز بکرێت. لە هەمانکاتدا ئێمە خەبات و ڕاوەستانی خەڵکی کورد بۆ پاراستنی خۆی لە بەرانبەر جومهووری ئیسلامیدا چ بە شێوەی چەکداری و چ هەر شێوەیەکی دیکە بە کاری خۆمان دەزانین و ئەوە بە مافی رەوای ئەو خەڵکە لە بەرانبەر سەرکوتگەریەکانی رژیمدا دەزانین و پێمان سیاسەتێکی ئوسوولیە. سەرئەنجامی هەر سیاسەتێکیش دەبێ هەڵچنینی هێزە چەکدارەکانی رژیمی ئیسلامی بێ لە کوردستان.